حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# پەروەردەی ئیسلامی

## قۆناغی بنەڕەتی

## پۆلی یەکەم

**ئامادەکردنی**

صادق عثمان عارف          فاروق محمد علی عباس

عبد الله عبد الرحمن عبد الله

**وەرگێڕانی  لە زمانی عەرەبییەوە**

محسن جمال احمد

**پێداچوونەوەی زانستی**

د. بشیر خلیل توفیق          ابوبكر علی كارواني

**پێداچوونەوەی زمانەوانی**

صادق احمد عثمان

سەرپەرشتیی زانستی:

**كريم حسن علي**

نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە:

**رەوەند سعيد صابر**

سەرپەرشتیی چاپ:

**خالد سليم محمود**

فۆتۆ:

**شێرزاد رسول فقي**

جێبەجێکردنی بژاری هونەری :

**نێرگز نورالدين كاكە مصطفى**

چاپی حەوتەم

١٤٤٣ کۆچی - ٢٠٢٢ زایینی- ٢٧٢٢ کوردی

## بەناوی خودای دەهەند و دلۆڤان

## پێشەکی:

سوپاس بۆ خودای خاوەن هەمو شتێك، درود و سڵاو لە گەورەی نێردراوان محەمەد ( د.خ ) و لە کەسوکار و یارە باشەکانی و ئەوانەی دوای کەوتون تا ڕۆژی پەسڵان.

وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی باشی ڕەخساند بۆ خزمەتکردنی ڕۆڵە سەربەرزەکانی بە دانانی کتێبی پەروەردەی ئیسلامی بۆ قۆناغی بنەڕەتی. لیژنەکە بە باشی زانی کۆمەڵێك دەقی قۆرئان و فەرمودەی پیرۆزی پێغەمبەر ( د.خ )و هەندێك پەرستشی تێدابێت و ئەم بابەتانە بەگوێرەی فەرمودەکانی پێغەمبەر ( د.خ ) پێشکەشکراون و لە ڕاڤەی فەرمودە و دەقەکاندا ڕەچاوی ڕونی و بەردەستخستنی شوێنەکانی مەزنیمان کردوە و بەستنەوەی ئەم ڕێنماییە بەرزانە بەژیانی ڕاستەقینەی ڕۆژانەمان .

ئەمەش ئەرکمانە بەرانبەر نەوەکانمان. بەڵام مامۆستا بەرێزەکان ئەرکی خۆیان باشتر دەزانن و شوێنی بەرپرسییان داکۆکی زیاتر دەکەن و ئەوان بروایان بەوەیە کە دەیلێنەوە بەشێوەیەکی بابەتی و زانستییانەی دور لە دەرچون بۆ بابەتی تر و زێدەڕۆیی، ئەو پشت دەبەستێت بە ڕێگەی گفتوگۆ و چالاکی ئاسانی گونجاو لەگەڵ ژیانی قوتابییانی هزری و دەرونی و شوێنەوارییەوە .

هەروەها پێویستە توند وتیژی بەکارنەهێنێت بەهەمو جۆرەکانییەوە بەرانبەر قوتابییان، چونکە قوتابی لەم قۆناغەدا بونەوەرێکی هەست ناسکە و ئامانجمان ئەوەیە، کە بەشەکانی ئەم کتێبە تێبگات بە شێوەیەکی باش و هەست بە بوونی و فێرکردن و گفتوگۆی بونیادنەر بکات و ببێتە ئەندامێکی کارا و بەسود بۆ خۆی و نیشتمانەکەی و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی و جیهانی ئیسلامی بەشێوەیەکی تایبەتی.

سوپاسی هەر تێبینیەکی بەنرخ یا بیرۆکەیەکی بنیادنەر دەکەین کە لە پسپۆر و پەیوەندیدارە بەرێزەکانەوە بە دەستمان بگات، تا سودی لێوەرگرین لە چاپەکانی داهاتووی ئەم بەرنامەیەدا.

**خودا پەناگەی سەرکەوتنە...**

**لیژنەی دانان**

# وانەی یەکەم

## خودا پەروەردگارمانە
## خولقێنەری





مرۆڤ

گیانەوەر





ڕووەك



# ئاو سەرچاوەی ژیانە

# خودا ڕۆزی دەرمانە



باران

کێڵگە





دار

گیانەوەر



# خودا خاوەن بەخشینەکانە.

خودا خودامە ............. خودا خودامە

خودا خولقێنەرمە......... خودا ڕۆزیدەرمە



## وانـەی دووەم
## محەمەد (د.خ) پێغەمبەرمانە

محەمەد پێغەمبەری خودایە
ڕاستگۆ و دەست پـــــــــاکە
ئەو خۆشەویست و یاریدەدەرە
ئـــەو دەهەندە بـــۆ مرۆڤایەتی
واتا: بەزەییە بۆ مرۆڤایەتی

**مامۆستای بەڕێز ...**
هیچ کام لەم ئایەت و فەرمودانەی ناو ئەم کتێبە بۆ لەبەرکردن نین.

# وانەی سێیەم

## ئیسلام ئاینمانە
## ئاینی یەکتاپەرستییە



ئاینی ئازادی و ڕێزگرتنی مرۆڤە
ئاینی ئاشتییە

# ئیسلام ئاینی کارکردنە



کارگە



کێڵگە



کرێکار



بازرگانی

# ئیسلام ئاینی زانستە



کتێب



قەڵەم



قوتابخانە

# ئیسلام ئاینی زانستە



زانکۆ



فڕۆکە



کەشتی

# وانەی چوارەم

قورئان کتێبمانە

قورئان نامەی

خودایە بۆ گشت مرۆڤایەتی و ڕێنمایی تێدایە.

خـــودا پـــــەرستییە

دادگەری تێدایە

چیرۆکەکانی تێدایە

بەرنامەی ژیانە



# وانەی پێنجەم

بنچینەکانی ئیسلام

١- دوو گەواهیەکە:

أشهَدُ أنْ لا إلهَ إلا الله

وأشهَدُ أنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ الله

واتە:(گەواهی دەدەم کە خودا تاك و تەنهایە و گەواهی دەدەم کە محەمەد پێغەمبەری خودایە)(د.خ).



٢- نوێژکردن.

٣- زەکاتدان.

٤- ڕۆژوگرتنی مانگی رەمەزان.

٥- حەجکردنی (زیارەتکردنی) ماڵی خودا. بۆ ئەو مرۆڤەی توانای هەیە.

# وانەی شەشەم

**بنچینەکانی باوەڕ**

١- باوەڕهێنان بە خودا.

٢- باوەڕبوون بە فریشتەکان.

٣- باوەڕبوون بە کتێبە ئاسمانیەکان.

٤- باوەڕبوون بە پێغەمبەرەکان.

٥- باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی.

٦- باوەڕبوون بە قەزاو قەدەر (چارەنووس بە باش و خراپی).



# وانەی حەوتەم

**باوەڕمان بە کتێبە ئاسمانیەکانە**

زەبور... خودای گەورە بۆ پێغەمبەری خۆی داودی (د.خ) ناردە خوارەوە.
سوحوف... خودای گەورە بۆ پێغەمبەری خۆی ئیبراهیمی (د.خ) ناردە خوارەوە.
تەورات ... خودای گەورە بۆ پێغەمبەری خۆی موسای (د.خ)ناردە خوارەوە.
ئینجیل... خودای گەورە بۆ پێغەمبەری خۆی عیسای (د.خ) ناردە خوارەوە.
قورئان کتێبی موسڵمانانە خودای گەورە بۆ پێغەمبەری خۆی محەمەدی (د.خ) ناردە خوارەوە.



# وانەی هەشتەم
# ڕێزگرتنی دایباب



خودای گەورە فەرمویەتی: (وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا).

(چاکەکار بە لەگەڵ دایباب).

پێغەمبەر (درود و سڵاوی خودای لێ بێت) فەرمویەتی: (**لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يُوقِّرْ كَبِيْرَنَا وَيَرْحَمْ صَغِيْرَنا**).

(ئەوەی ڕێز لە گەورەمان نەگرێت و بەزەیی بە بچوکماندا نەیەت لە ئێمە نییە).

مامۆستا: بەیانیتان باش قوتابییە خۆشەویستەکانم.

پێویستە بە باشی گوێ بگرن لە ئامۆژگارییەکانی دایبابەکانتان و ئامۆژگاریەکانیان جێبەجێ بکەن لەبەر ئەوەی ڕێگەی ڕاستتان لە ژیاندا نیشاندەدەن.

ئازاد قوتابییەکی زیرەکی پۆلی یەکەمە.

گوێ لە ئامۆژگارییەکانی دایباب و مامۆستایانی دەگرێت و پابەندیان دەبێت.

بە جلو بەرگی پاکوخاوێنە دێتە قوتابخانە و پاکە.

**شیلان:** هەروەها سازانیش قوتابییەکی گوێ ڕایەڵە و ئامۆژگارییەکانی دایباب و مامۆستایانی جێبەجێ دەکات.

**سیروان:** بەڵێ سازان هاوسێمانە و قوتابییەکی گوێڕایەڵ و خۆشەویستە لە ماڵ و قوتابخانەدا.

خودایە دایبابم بپارێزیت



**چالاکی:**

پێویستە قوتابییان دەربارەی جوڵانەوەیان لە ماڵەوە لەگەڵ دایبابیان بدوێن.

نزا: خودایە دایبابم بپارێزیت.

# وانەی نۆیەم

## قوتابی ڕاستگۆ

خودای گەورە فەرمویەتی: ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ ).

(ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە لە خودا بترسن و لەگەڵ ڕاستگۆیاندا بن).

پێغەمبەر (درودو سڵاوی خودای لێ بێت) فەرمویەتی: (**عَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ فَإِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِي إِلى الْبِرِّ**).

(پێویستە ڕاستگۆبن چونکە ڕاستگۆیی ڕێنیشاندەرە بۆ چاکە).

کە مامۆستا چووە پۆل، بینی پەنجەرەیەك لە پەنجەرەکان شکێندراوە.

بە قوتابییەکانی گوت: کێ پەنجەرەکەی شکاند؟

بێ دەنگی باڵی کێشا بەسەر پۆلەکەدا، لە پڕ سامان گوتی:

مامۆستا من پەنجەرەکەم شکاند!



قوتابییان سەریان سوڕما لە ئازایەتی (سامان) و دانانی بەهەڵەکەیدا، مامۆستا لێی پرسی: چی پاڵی پێوەنای بۆ گوتنی ڕاستی و درۆ نەکەیت؟
سامان: مامۆستا لەبەر ئەوەی درۆ ڕێگای پێنەدراوە، وەك فێرت کردین، نابێت باوەڕدار درۆزن بێت.
مامۆستا: ئافەرین کوڕەکەم، ڕاستگۆیی جوانترین ڕەوشتە و درۆ هەڵس و کەوتێکی ناشیرنە، وەك پێغەمبەری مەزن (درودی خودای لێ بێت) فەرمویەتی: (پێویستە لەسەرتان ڕاستگۆبن چونکە ڕاستگۆیی ڕێنیشاندەرە بۆ چاکە و چاکەش ڕێنیشاندەرە بۆ بە هەشت) جا کەواتە پێویستە ڕاستگۆبین لەگەڵ هەمو کەسێك و لە گوتنی ڕاستی نەترسین ، لەبەر ئەوەی تۆ دانت بە هەڵەکەت دانا و ڕاستیت گوت بۆیە من لە شکاندنی پەنجەرەکە لێت دەبورم.

**چالاکی:**

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١- چی لە پۆلدا ڕویدا؟

٢- ئایا سامان ڕاستی گوت؟

٣- بۆ مامۆستا لە سامان خۆشبوو؟

**ڕاهێنان**

مامۆستا چیرۆکی (مەلەوانی درۆزن) بۆ قوتابییان دەگێڕێتەوە بە شێوەی نواندنێکی کورت.

ئەم دەستەواژەیەی خوارەوە ڕەنگ دەکەم:

سەرکەوتن و دەربازبوون لە ڕاستگۆییدایە

# دارچاندن ژینگە دەپارێزێت



# وانەی دەیــەم
# دەستپاکی کرێکارێك



**پێغەمبەر (درود و سڵاوی خودای لێ بێت) لە نیشانەی دووڕوییدا فەرمویەتی:**

( إِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ ).

(ئەگەر متمانەی پێدرا ناپاکی دەکات).

هجران کە باوکی یەشار بوو، بەباشی و چالاکی کاری کرێکاری دەکرد لە پێناو دابینکردنی پاروی ژیان بۆ خێزانەکەی بە شێوەیەکی رێگە پێدراو ، لەگەڵ باری هەژاری زۆری بەڵام ئەو نمونەیەکی جوانی دەستپاکی و ڕەوشتی باش بوو. بەیانییەك کاتی کارکردنی لە ماڵێکدا جانتایەکی بچوکی دۆزییەوە، کاتێك کردیەوە برێك پارەی تێدا بوو، کاتێك یەکێك لە هەڤاڵانی هەستیان پێکرد،گوتی: با پارەکە لەنێوانماندا دابەشبکەین، بەڵام ئەو بەرپەرچی دایەوە و گوتی: ئەم پارەیە ڕاسپاردەیە و هی ئێمە نییە، پێویستە کە بیگەڕێنینەوە بۆ خاوەنەکەی، ناپاکی نیشانەی دوڕوەکانە لەبەر ڕۆشنایی فەرمودەی پێغەمبەری مەزن (درودی خودای لێ بێت): (ئەگەر متمانەی پێ کرا ناپاکی دەکات).

کاتی نیوەڕۆ خاوەن کارەکە هاتە لایان، باوکی یەشار چووە لای و جانتاکەی دایەوە دەستی، پیاوەکە لە دەستپاکی و ڕاستگۆییەکەی سەری سوڕما، چونکە پارەکە وەك خۆی مابووەوە.

پیاوەکە سوپاسی باوکی یەشاری کرد و ویستی خەڵاتی بکات بە بڕێك پارە بەرامبەر ئەو کارە، بەڵام باوکی یەشار ئەوەی ڕەتکردەوە، گوتی: سوپاس بۆ تۆ، بەڵام ئەمە ئەرکە، پاراستنی ڕاسپاردە لە ئەرکەکانی ئاینە پیرۆزەکەمانە. کاتێك خاوەن کارەکە دەستپاکی ئەو کرێکارە و ڕەفتاری باشی بینی، پێی گوت: بڕیارم دا، ئەمڕۆ بە فەرمانبەر لە کۆمپانیاکەم داتبمەزرێنم، وەك برادەرێکی دەستپاك و بە ئەمەك لەگەڵمدا دەمێنیتەوە بە درێژایی ژیان.

باوکی یەشار بەدڵخۆشی گەڕایەوە ماڵ و موژدەی بە ماڵەوەدا، دەست پاکییەکەی هۆی دەربازبوونی بوو لە هەژاری، سوپاسی خودایان کرد بۆ ئەم بەخششەی.

**مەشق:**

١- مامۆستا داوا لە چەند قوتابیەك دەکات کە چیرۆکێك یان گفتوگۆیەکی کورت دەربارەی پاراستنی ڕاسپاردە بۆ وانەی داهاتو، ئامادە بکەن.

٢- فەرمودەیەکی پێغەمبەرمان (درودی خودای لێ بێت) بۆ باس دەکات دەربارەی دەستپاکی و پاداشتی دەستپاك، یان ناپاکی لە پاراستنی ڕاسپاردە.

٣- نێوان دوو ستونەکە بەیەك دەگەیەنم: ڕاستگۆیی..

**باوکی یەشار..**

کرێکار (باوکی یەشار)..    جانتایەکی پڕ لە پارەی دۆزییەوە.

دەستپاکیە.

**ڕاستی گوت.**

**٤- ئەم فەرمودە پیرۆزە ڕەنگ دەکەم:**

**لا إيمان لِمَن لا أمَانةَ لَه**

**ئەوەی دەستپاك نەبێت بێباوەڕە.**

# وانەی یازدەیەم
# بەزەییهاتنەوە بە گیانەوەراندا



**پێغەمبەر (درود و سڵاوی خودای لێ بێت) فەرمویەتی:**
**(فِی کُلِّ کَبِدٍ رَطبٍ صَدَقَةٌ).**

(دەتوانرێت بەرامبەر بە هەمو گیانلەبەرێك خێر و چاکە بکرێت ).

دایکی (بانو) هەمو شەوێك پێش نوستن چیرۆکێك بۆ منداڵەکانی دەگێڕێتەوە.

شەوێك لە شەوانی زستاندا ئەم چیرۆکەی خوارەوەی بۆ گێڕانەوە:

پیرەژنێك بێچوە پشیلەیەکی هەبوو. ڕۆڵەکانم بیر و ڕاتان بەرامبەر پشیلە چۆنە و چییە؟

(بانو) گوتی: ئای دایکە چەند جوانە، چاوەکانی چەند جوانن!

بەهزاد گوتی: ئای دایکە چەند خۆشم دەوێت؟ پەلەکە چیرۆکەکەمان بۆ تەواوبکە.

**دایکەکە گوتی:** ڕۆڵەکانم، پیرەژنەکە پشیلەکەی خۆش نەدەویست، ڕۆژێکیان لێی پەست بوو لە ژێرزەمیندا بەندی کرد.

**سۆز:** ئاخ، ئەی بەستەزمان.

**بانو:** دایکە بۆ بەم شێوەیە دڵرەق بوو؟

**بەهزاد:** ئەی پشیلە بەستەزمانەکە چی کرد؟

**دایکەکە:** لە برسانا دەیمیاواند، ئەی گوت: میاو، میاو ((ماو، ماو)).

پیرەژنەکە بڕیاری دا، کە خواردن و خواردنەوەی پێ نەدات و بەرەڵای نەکات تا لە پاشماوەی خواردنی هاوسێکان بخوات. پاش چەند ڕۆژێك دەنگی پشیلەکە بەرە بەرە نزم بوو، تا بەستەزمانە مردار بووە.

منداڵەکان بە مرداربوونی پشیلەکە دڵیان تەنگ بوو.

**گوتیان:** بۆ پیرەژنەکە ئەوەی کرد؟ ئایا هەمو پیرەژنێك بەم شێوەیەیە؟

**دایکەکە:** نەخێر، ئەی ڕۆڵەکانم، هەمو پیرەژنێك بەم شێوەیە نییە، بەڵکو ئەو لە خودا و لە سزای خودا نەدەترسا، دڵی بەم گیانەوەرە نەدەسوتا، جا ئەی خۆشەویستانم پێویستە لەسەرمان کە بە بەزەیی بین لەگەڵ گیانەوەراندا ئازاریان نەدەین، چونکە ئاینمان ئاینی دلۆڤانی و بەزەییە.

## چالاکی و مەشق:

١- مامۆستا داوا لە گشت قوتابییان یان هەندێکیان دەکات کە هەندێك شتی بەرجەستە یان وێنەی هەندێك گیانەوەری ماڵی بۆ وانەی داهاتوو ئامادەبکەن.

٢- داوا لە چەند قوتابییەك دەکات لاسایی دەنگی ئەم گیانەوەرانە بکەنەوە.

٣- پۆلینکردنی قوتابییان بۆ سێ دەستە، بەشێك گیانەوەرانی خۆش دەوێت، بەشێکی دیکە گیانەوەرانی خۆش ناوێت، و بەشی سێیەم لێیان دەترسێت، لەگەڵ باسکردنی هۆیەکەی.

# وانەی دوازدەیەم
# بەخششەکانی خودای گەورە و سوپاسکردنی

وَأَمَّا بِنِعۡمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثۡ



**بەخششەکانی خودای گەورە.**

لە گەشتێکی قوتابخانەدا مامۆستای پەروەردەی ئیسلامی لە قوتابییانی پرسی، گوتی :

لێرەدا چی دەبینن، ئایا ئەو دیمەن و گیانەوەرانەتان خۆش دەوێت و دڵتان پێیان خۆش دەبێت؟



**سارا گوتی:** ئەی مامۆستا من دار و گوڵەکانم خۆش دەوێن، لەبەر ئەوەی ئەوان سروشت پڕ لە جوانی دەکەن و بۆنی خۆش بڵاودەکەنەوە.

**ئایدن گوتی:** من مەڕ و گیانەوەرە هاوشێوەکانیم خۆش دەوێن، لەبەر ئەوەی دەنگیان ئەفسوناویە و سود لە بەروبومەکانیان وەردەگرین.

هەندێکی دیکە گوتیان: ئێمە باڵندە و ئەو پەپولە جوانانەمان خۆش دەوێن، کە لێرە  بە ئاوازە جۆراوجۆرەکانیان گۆرانیمان بۆ دەچڕن.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان گوتی: من بەشداری هەمو ئەو خۆشیەتان دەکەم، و دەڵێم: کە ئاوی کانی و جۆگە و ڕوبارەکان هۆی هەمو ئەو جوانی و خۆشییەیە، ئەویش بناغەی ژیانە، لەبەر ئەوە پێویستە کە زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی نەکەین، پیسایی فڕێ نەدەینە ناوی.

هەمو گوتیان: سوپاس خودایە بۆ ئەو بەخششانە، چونکە هەمویان بۆ خێر و خۆشی ئێمە بەخشراون. پێویستە کە هەڤاڵی ژینگە و زیندەوەران و خولقێنراوان بین. کە هەمویان پاسەوانیی ژینگە دەکەن و بۆمانی پاکدەکەنەوەی.

**چالاکی:**

قوتابییەکان چەند وێنە و بەرجەستەی توخمەکانی ژینگە کۆ دەکەنەوە و لەبەردەم هەڤاڵانیاندا باسی دەکەن.



# وانەی سێزدەیەم
## هاوکاریی



مێروە بچوکەکە لەسەر دارێکی بەرز هەڵواسرابوو ئاسودە نەبوو، چونکە بە شیلەی لقێکیانەوە نووسابوو، نەیتوانی کە دابەزێت بۆ زەوی، دڵتەنگ بوو دەستیکرد بە گریان، کاتێك دەستە خوشکەکانی لە هەنگ و جاڵجاڵۆکە و کولله و پەپولە گوێیان لە دەنگی بوو، پەلەیان کرد بۆ لای و یارمەتییان بۆی خستە ڕو، کولله گوتی: بە شانم هەڵتدەگرم و دەتهێنمە خوارەوە، بەڵام مێروەکە قبوڵی نەکرد لە ترسی کەوتن. هەنگەکە گوتی: لەسەر پشتم سوار بە تابتفرێنم بۆ زەوی، بەڵام ترسا و نەیویست.

هەمو بیریان لە ڕێگەیەکی تر کردەوە تا هاوکاریی هەڤاڵەکەیانی پێ بکەن، جا لە پڕ جاڵجاڵۆکە هاواری کرد، گوتی: داوێك لە چنینەکەمی بۆ درێژ دەکەمەوە تا زەوی و بەهۆیەوە دێتە خوارەوە، هەمو پێشوازیان لە بیرۆکەکە کرد، مێروەکە بۆ ئەو هاوکارییە سوپاسی کردن هەمویان لەو ڕۆژەوە بڕیاریان دا کە هاوکاریی بکەنە دروشم بۆ خۆیان لەبەر ئەوەی هاوکاری بناغەی سەرکەوتنە.

**چالاکی:**

بیردەکەمەوە:

بۆ مێرووەکە لەسەر لقەکە مایەوە؟





# وانەی چواردەیەم
# پاکوخاوێنی



**پێغەمبەر (درودو سڵاوی خودای لێ بێت) فەرمویەتی:**
**(تَنَظَّفُوا فَإِنَّ الاسْلامَ نَظِيفٌ).**

(پاك بن چونکە ئیسلام پاکە).

تارا، ئازا، سازان و دایبابیان لەسەر مێزی نان خواردن پێکەوە دانیشتبوون، تانانی نیوەڕۆ بخۆن.

دایکی تارا گوتی: پێش ئەوەی دەست بە نان خواردن بکەین دەبێت چی بکەین. ڕۆڵەکانم؟

خوشکی گەورە، تارا گوتی: دەبێت دەستەکانمان پاك بشۆین.

**باوکی تارا، گوتی:** بەڵێ ئافەرین، ئەی کچەکەم، ئینجا هەڵسان و دەستەکانیان پاك شوشت و بۆسەر مێزی نان خواردن گەڕانەوە، کاتێك نان ئامادەبوو، باوکەکە گوتی: بەناوی خودا، هەمو ئەوەیان گوتەوە. نانیان خوارد کاتێك لە نان خواردن بونەوە گوتیان: سوپاس بۆ خودا، ئێستاش دەست و دەممان پاك دەکەینەوە و هەروەها ددانەکانمان بە فڵچە و هەویری ددان دەشۆین.

**ئازا گوتی:** دەزانن ئەمڕۆ بەیانی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گۆڕەپانی قوتابخانە باسی خۆپاراستنی لە نەخۆشییەکی ڤایرۆسی تازەی بۆ کردین.

هەمو بە یەکەوە، چییە ئەو نەخۆشییە تازەیە؟

**ئازا :** ئەو نەخۆشییە ڤایرۆسییە هەر وەك بەڕێوەبەرەکەمان باسی بۆ کردین، پێی دەڵێن (کۆرۆنا).

**دایکی تارا گوتی:** نەخۆشی کۆرۆنا چییە؟ بەڕێوەبەرەکەتان چۆن بۆتانی باس کرد؟ چۆن خۆی لێ دەپارێزین؟

**ئازا گوتی:** دایە گیان ئەم نەخۆشییە ئەم ساڵ بڵاوبوەتەوە و نەخۆشییەکی ڤایرۆسی کوشندەیە، دەبێت هەمومان خۆمانی لێ بپارێزین. ئەمەش بە دەست شوشتنی بەردەوام بە پاککەرەوە بۆ ماوەی زیاتر لەچل چرکە، دورکەوتنەوە لە یەکتر بە مەودای زیاتر لە دوو مەتر، بەستنی ماسك و نەچوونە شوێنی قەڵەباڵغ.

**باوکی تارا گوتی:** دەستخۆش کورم بەڕاستی ئەم ڕێنماییانە پێویست بوون بیانزانین.

**چالاکی و مەشق:**

١- مامۆستا داوا لە قوتابییان دەکات، کە یەکێکیان دەربارەی پاکوخاوێنی ددانەکان بدوێت و لە پۆلدا بە بەکارهێنانی (فڵچە و هەویری ددان بە کردەکی جێبەجێ دەکات).

٢- باسکردنی فەرمودەیەك، یان دێڕە هۆنراوەیەك دەربارەی پاکوخاوێنی، بۆ قوتابییان.

٣- باسی نەخۆشی کۆرۆنا بکە، و هەنگاوەکانی خۆ پارێزی لەم نەخۆشییە چین؟

# وانەی پازدەیەم
# ڕەوشتی نانخواردن



ڕۆژێکیان خانزادی هەڤاڵم بانگیکردم بۆ ماڵیان بە مەبەستی خواردنی نانی نیوەڕۆ، منیش بانگکردنەکەم قبوڵکرد و چوومە ماڵیان، کاتێك گەیشتمە ماڵی خانزاد سێجار بە سوکی لە دەرگەم دا، خانزاد دەرگاکەی لێکردمەوە، سڵاوم لێکرد، سڵاوەکەی باشتر وەڵام دایەوە و داوای لێکردم بچمە ژورەوە، جا چوومە ژورەوە و لەگەڵ یەکدی دانیشتین و قسەمان کرد. کاتی نانخواردن هات لەگەڵ هەڤاڵەکەمدا لەسەر مێزی نان خواردن دانیشتم، لە پڕ دارای برای هاتە ژورەوە بۆ لامان و لەسەر مێزی نانخواردن دانیشت بێ ئەوەی دەستەکانی بشوات و دەستی بە نانخواردن کرد، بە خوشکی گوت: زۆرم لەوە و لەمە دەوێت. هەڤاڵەکەم لە هەڵسوکەوتی براکەی سەری سوڕما، بەتایبەتی کاتێك قسەی کرد و پڕیشك لە دەمی دەهاتە دەرەوە، پاش ئەوەی کە خواردنی تەواوکرد هەڵسا و لەسەر کورسییەك بەرامبەر تەلەفزیۆن دانیشت، تا سەیری بەرنامەیەکی وەرزشی بکات.

**چالاکی:**

- ئایا هەڵسوکەوتی دارا ڕاست بوو؟
- گەر لە شوێنی ئەو بوویتایە چیت دەکرد؟
- ئایا دەتوانیت هەندێك لە داب و نەریتەکانی نانخواردن بژمێریت؟

**من منداڵێکی ژیرم: پەیڕەوی داب و نەریتەکانی خواردن و خواردنەوە دەکەم.**











به دەستی ڕاست نان دەخۆم



ئەو خواردنەی لە پێشمە دەخۆم



باش خواردن ئەجوم و
بێ دەنگ دەرهێنان  کاتی
خواردن قسە ناکەم



هیچ لە خواردنەکە لە
.قاپەکەم ناهێڵمەوە







**سود:**

دەستەکانم پێش و پاش نانخواردن دەشۆم، ناوی خودا دەهێنم پێش نانخواردن، خواردن باش دەجوم و هەمو ئەو خواردنەی لە قاپەکەمە تەواوی دەکەم، کاتێك دەستم لە نانخواردن هەڵگرت سوپاسی خودا دەکەم.



ڕاهێنان:

١- نیشانەی ( **ڕاست** ) لەبەردەم وێنەی ڕاست و ( **چەوت** ) لەبەردەم ئەو وێنەیە دابنێ کە هەڵسوکەوتی چەوت دەردەبڕێت:





**نزاو پاڕانەوە:**

**خودایە ئەم ڕۆزییەی بە ئێمەت بەخشیوە بۆمان زیادی کەیت.**

# وانەی شازدەیەم
# سەردانێك لەگەڵ باپیرم



**لەگەڵ باپیرم چوم بۆ ماڵی خاڵۆم ئیبراهیم.**

کاتێك باپیرم دانیشت سورەتی فاتیحەی خوێند لەبەر ئەوەی مامم داخوازی کچی خاڵمی بۆ کورەکەی کرد بوو لە باپیرم پرسی بۆ ئەو سورەتەی خوێند.

**باپیرم گوتی:** شوان سورەتی فاتیحە دەستپێکی قورئانە و لەبەر ئەوە لەم جۆرە بۆنانەدا دەخوێندرێت، تا ببێتە سەرەتایەکی باش.

**بە باپیرم گوت:** ئەو سورەتە لەبەر دەکەم.

**باپیرم گوتی:** خودا پایەدارت بکات کورەکەم.

# سورەتی فاتیحە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ۝

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ۝ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ۝

مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ ۝ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝

اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ ۝ صِرَاطَ الَّذِينَ

أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ

وَلَا الضَّالِّينَ ۝



**سود:**
سورەتی فاتیحە لە هەمو نوێژێك دەخوێندرێت، لەبەر ئەوەی سوپاسی مرۆڤ دەردەبڕێت بۆ خودای لەسەر بەخشینی ڕێنیشاندان بۆ ڕێگەی ڕاست.

**چالاکی:**
- هەوڵبدە وەك شوان سورەتی فاتیحە لەبەر بکە.
- هەڤاڵانت بدوێنە دەربارەی هەندێك لەم بەخششانەی کە خودا بە مرۆڤی داوە.

**نزاو پاڕانەوە:**
ئەی خودا سوپاس بۆ تۆ لەسەر بەخششەکانت.

**زانیاری:**
یەکەم ئایەتەکانی قورئان لەسەر پێغەمبەر (درودی خودای لێ بێت) لە ئەشکەوتی حەڕا هاتنە خوارەوە.

# وانەی حەڤدەیەم
# خودامان یەکە



کاتێك پێغەمبەر محەمەد (درودی خودای لێ بێت) بانگەوازی دەکرد بۆ پەرستنی خودای تاك و تەنیا، قورەیشییەکان لێیان پرسی: خودات کێیە ئەی محەمەد؟
جا سورەتی (الاخلاص) هاتە خوارەوە تا وەڵامیان بداتەوە.

# سورەتی الاخلاص
# (التوحيد)

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝
لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝ وَلَمْ يَكُنْ لَّهُ كُفُواً أَحَدَ ۝﴾



**سود:**
پێغەمبەر (درودی خودای لێ بێت) ڕایسپاردین بۆ خوێندنی سورەتی (الاخلاص) بە زۆری لەبەر ئەوەی پاداشتی جارێك خوێندنی هاوتایە لەگەڵ سێیەکی قورئان.

**چالاکی:**
باسی هەندێك سیفەتەکانی خودای بکە.

**نزاو پاڕانەوە:**
ئەی خودای تاك و تەنیا، لە ئێمە و دایبابمان خۆش بە لە ڕۆژی پەسڵان.

**زانیاری:**
سورەتی (الاخلاص) هەروەها پێی دەوترێت سورەتی (التوحید).

## ژینگەی خۆم دەپارێزم



# ناوەرۆك


| وانە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | پێشەکی | ٣ |
| وانەی یەکەم | خودا خودامانە | ٤ |
| وانەی دووەم | محەمەد (د.خ) پێغەمبەرمانە | ١١ |
| وانەی سێیەم | ئیسلام ئاینمانە | ١٢ |
| وانەی چوارەم | قورئان کتێبمانە | ١٦ |
| وانەی پێنجەم | بنچینەکانی ئیسلام | ١٧ |
| وانەی شەشەم | بنچینەکانی باوەڕ | ١٨ |
| وانەی حەوتەم | باوەڕمان بە کتێبە ئاسمانیەکانە | ١٩ |
| وانەی هەشتەم | ڕێزگرتنی دایباب | ٢٠ |
| وانەی نۆیەم | قوتابی ڕاستگۆ | ٢٢ |
| | دارچاندن ژینگە دەپارێزێت | ٢٤ |
| وانەی دەیەم | دەستپاکی کرێکارێك | ٢٥ |
| وانەی یازدەیەم | بەزەیی بە گیانەوەران | ٢٧ |
| وانەی دوازدەیەم | بەخششەکانی خودای گەورە و سوپاسکردنی | ٢٩ |
| وانەی سێزدەیەم | هاوکاری | ٣٢ |
| وانەی چواردەیەم | پاکوخاوێنی | ٣٤ |
| وانەی پازدەیەم | ڕەوشتی نانخواردن | ٣٦ |
| وانەی شازدەیەم | سەردانێك لەگەڵ باپیرم | ٤١ |
| وانەی حەڤدەیەم | خودامان یەکە | ٤٤ |
| | پاکوخاوێنی ژینگەی خۆم دەپارێزم | ٤٧ |
| | ناوەرۆك | ٤٨ |